www.kurdistannet.org
22-11-2005 13:45 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بەرەنگار بوونەوەیەکی پێویست .. چیمەن سالح



جێی خۆشحاڵییە لاوان ئەگەر چی بەرێکخراویش نەبێ َتوانیوویانە پە یامی خۆیان بگەیەنن روونی بکەنەوە کە لەوەی ئەمڕۆروو دەدات رازی نین و پێویستە گۆڕانکاری رووبدات، پێویستە یاسا سەروەر بی َو ماف بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی لە ماوەی رابردوودا لە سەر چەندین ئاست و کەس بە ناوی نوێنەرایەتی کردنی خەڵکەوە شەرعییەتی تاك لایەنە نەدات بە خۆی و هەل بقۆزنەوە لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتدا، بۆیە پێویستە لاوان داواکارییەکانی خۆیان رێك بخەن و بە رلە هەموو کەسێك لە خۆیان تی َبگەن و ئنجا بئاخڤن و داوا بکەن و هەرگیز پەشیمان نەبنەوە و نەگەڕێنەوە دواوە، پێویستە لاوان زۆر بە هوشیارییەوە هەنگاو بنێن، حەز دەکەم چەند خاڵێك ئاماژە پی َبکەم لە م بابەتەدا و بە شێکی زۆر کەمە لەو خاڵانەی کە لاوان لە رێگای خەباتی بەرەو دیموکراسی و پاکسازی راستەقینەو خەباتی بەرقەرار کردنی یاسادا ئاگاداری بن.

* لاوان بە هوشیاری و رۆشنبیرییەوە بەرەنگار دەبنەوە: ئەوەی وایکرد ئاماژە بەم خاڵە بکەم لە بۆنەیەکدا لەم رۆژانە ئامادەی بووم لاوێك داخوازیەکی زۆر جوان و بە جێی خستە روو و کە پێویستە هەمیشە ئەو جۆرە داخوازییانە بخرێتە روو، بە لاٌم دیار بوو لە بە شێك لە پرسیارە کەیدا بی َئاگایی و بی َزانیاری بە دی دەکرا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەیارانی داخوازییەکانی لاوان کە ئەوانەن لە بی َیاسایی و پرسیار نەکردن لەهەرکەسێك بە " ئەوەی هەتە لە کوێت هێناوە" سوودیان وەرگرتووە، خاڵی بێئاگایی بقۆزرێتەوە و، رەوایەتی داخوازییەکان تانەی لی َبدری َ، بۆئەمڕۆی گەلە کەمان دروستبوونی رێژەیەکی باش لە لاوان کە چەکدا ربن بە زانست و زانیاری و تە کنۆلۆژیاو ئاگایی سەردەم، باشترین گرەنتی سەرکەوتنە، وەك دەبینین ئێستا لە ناو گەلانی رۆژهەلاٌتی ناوەڕستدا، هەندێك لە لاوان دروست بوون کە توندڕۆیی و دەمار گیری رەت دەکەنەو روویان لە زانست و زانیاری سەردەم کردووە و بەو گەلی کورد کە هێندە گیرۆدەی توند ڕۆیی نییە چونکە هەرگیز نەتەوەی سەر دەست نەبووە و دەوڵەتی نەبووە بە ئاگرو ئاسن حوکمی بکات بە ڵکو گیرۆدەی دواکەوتوویی و گەلێك دەردی کۆمەلاٌیەتی و ئنجا تەنگژەی جیاوازی ئاسمان و رێسمانی نێوان ژیانی خەڵکی ئاسایی و بەرپرسان و مە حسوبییەت، من ناڵێم دیموکراسییەت چونکە لەوانەیە دیموکراسیەت بڵێن کاتێکی زیاتری پێویستە.

*مافەکانی ئافرەت: بیر مەندو زانای گەورەی جیهان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا گوتی " دادو دادپەروەریی بی َ باڵو گیان دەمێننەوە، تا سەرجەم مافەکانی ئافرەتان نەدرێن" و بەختەوەری کۆمەڵگای بەبەختوەری ئافرەتەوە بە ستەو ە و گەلێك لە کۆمەڵکان وەك دروشم دووبارە دەکرێنەوە، بە لاٌم هەرگیز نابی َلاوان بەوە رازی بن کە ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەروا بمێنێتەوە ئامرازێك بی َبۆتەنیا مکیاژی دامودەزگاکان، هەموو باسێك لە سەر ئازادی ئافرەت و بە دەستهێنانی مافەکانی لە وەرزی هەڵبژاردندا بی َو بڵی نەسرین بەرواری وەزیرە و جوان و... وەزیرن و پەرلەمانتارن کەواتە ئافرەت

خۆشبەختە و کۆتای 25 % پڕبکرێتەوە، ئەمڕۆریژەیەکی هەرە بەرزی ئافرەتان لەکۆمەڵگای ئێمەدا نەخوێندەوارن و دووچاری سەدان دەردی ئابووری و کۆمەڵایەتین، رێژەیەکی بەرزیان هەژارن و ئەرکێکی زۆر دەکێشن لە پێناوی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لە بەر باری قورسی ژیان هەست بە تەمەنیان ناکەن و تووشی چەندان نەخۆشی و دەرد دەبن بێئەوەی زەمانەتێکی ژیانییان هەبی َ، من نازانم ئەوانەی لە هوتێلە رازاوەکاندا کۆ دەبنەوەو کۆنفرانس دەبە ستن چ چارەیە کیان بۆ ئەوانە پێیە؟ ئافرەتانی دیکە کە کار دەکەن هەمیشە نیگەرانن، چونکە چەند پێشیش بکەون مافی خۆیان وەرناگرن و زەق زەق بەرامبەر ئەو دروشمانە دادەنیشن و گوی َبیستی دەکەن بۆئەو وتانەی کە لە جی َبە جێکردندا واتای نییە. لە باشترین باردا دەیانکەن بە یاری تەکەتول بازی و دژایەتی. پێویستە ئێوە باری ئافرەت دابڕ نەکەن لە بۆچوون و داواکارییە کانتدا، کۆمەڵگای داد پەروەر دەبی َماف و بە ختیاری بۆهەموو ئەندامانی دابین بکات وەك یەك و بی َجیازی، گۆی لەوانە مەگرن کە دەڵێن هەق و داد پەروەری لە کوی َ هەیە، نابیی کورد ئەو قسەیە، هەق و دادپەروەری لە ناو ئەو کۆمەڵگایانەدا هەیە کە بە رێژەیەکی بەرز یاسا تیایدا سەروەرە نەبی َ تاکەکان، بە پێی شایستەییان بۆمافە کە دەتوان وەری بگرن، دەبی َریفرانسێکی یاسایی هەبی َ هەر یە کێك مافی خۆی لی َداوا بکات و پێودانگەکەی یاسایی بی َ.

* ئازادی: گەلێکن لە ئازادی دەترسن، بەرگری لە ئازادی بکەن بە هەموو شێوەیەك، ئازای رووی خراپی نییە بە ڵکو کەسی خراپ هەیە کە ئازادی دەقوزَزێتەوە و لە کەداری دەکات. بەرگری لە هەموو کەناڵێکی ئازاد بکەن، هەوڵ بدەن بیرو ب، وونتان هەبی َ لە سەر روونکردنەوەی پیرۆزی و رێز گرتن لە ئازادی تا بۆمەبەستی تایبەتی و خراپ بەکار نەیەت بەڵام هەرگیز لەگەل َدەمکوتکردنی ئازادیدا مەبن نرخەکەی هەرچییەك بی َ. ئازادی ئەگەر خەڵکی دڵسۆزو خاوەن پەیام و بە بەرپرسیارێتی ئاراستەی بکات، دەبی َبە قەڵایەك بۆخەڵك.